

دوا بەدوای بەهاری عەرەبی و شۆڕشە چەکدارییەکان لە هەندێ وڵاتانی وەک لیبیا و سوریا و دەرکەوتنی هێزی چەکداری ئیسلامی توند و، لەبەرامبەریشدا شکستی ئیخوان لە میسر لەپیادەکردنی دەسەڵاتی شێوە تورکی، وایکردوە چەندین پرسیار و روانین لەسەر ئایندەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و ناوچەکە دروست ببێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم دیدارەمان لەگەڵ ئاسۆ کەمال ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق سازکردوە

ئالوقدان ئەبوبەکر

## ئاسۆ کەمال
## ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

# پاراستنی مەدەنییەت و سکۆلاریزم و ئازادی لەکۆمەڵگەدا لەبەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی ئیسلامیەکاندایە

***ئیسلامیەکانی کوردستان و بەتایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی دەیانەوێت سەرکردایەتی گۆڕانکاری بکەن لەکوردستان و کۆپی ئیخوانەکان بن، پێتوایە بۆیان دەکرێت، یان کۆمەڵگەی کوردستان زۆر جیاوازترە لە میسر و تونس و دیموکراسی وجودی هەیە لێرە؟**

– لەئێستادا پێویستی و داواکانی خەڵکی کوردستان بۆ گۆڕانکاری بەرەو ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەیەکگرتووی ئیسلامی ناکرێ، و یەکگرتوو بەدیلی بەرەی ئازادیخوازی نییە لە کوردستان. ئەم ڕاستیەمان لە خۆپیشاندانەکانی (١٧)ی شوبات و بەرنامەی «داخوازیە هەنوکەیی و بنەڕەتیەکانی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی»دا بینی، کە خواستەکان سکۆلار و ئازادیخوازانە و پێشڕەو بوو. جیاوازی کوردستان لە میسر و تونس لەوەدا نییە کە گوایە دیموکراسی لە کوردستان وجودی هەیە. ئەگەر باسی ئێستای میسر و تونس بکەین، ئەوا ئازادیەکی ڕێژەیی کە لە ئەنجامی شۆڕشدا هاتوەتە کایە لە کوردستان زیاتر نەبێ کەمتر نییە، لەبەرئەوەی فشاری خەڵکی شۆڕشگێڕ هەیە و دەسەڵاتی تازە توانای گێڕانەوەی دەستبەجێی دیکتاتۆریەتی نییە، بەڵام جیاوازی لە هاوسەنگی سیاسی و فکری دا لە نێوان کۆمەڵگەی کورستان و میسر وتونسدا هەیە. لە کوردستان ئیسلامی سیاسی و یەکگرتوی ئیسلامی کە لەخانەوادەی ئیخوانە، پێگەی سیاسی و فکری لاوازە، لەلایەک بە هۆی تەجروبەی چەند ساڵی دەسەڵاتداریتی ئیسلامیەکان لە ساڵی نەوەدەکاندا لە ناوچەی هەڵەبجە و خورماڵ، لە لایەکی ترەوە دژایەتی بەردەوامی ئەم هێزانە بە لایەنە مەدەنیی و سکۆلارەکانی ژیانی گشتی و بواری فکری و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردستان، ئیسلامی سیاسی دورخستوەتەوە لەوەی، کە وەک بەدیل

لە کوردستان ئیسلامی سیاسی و یەکگرتوی ئیسلامی کە لەخانەوادەی ئیخوانە، پێگەی سیاسی و فکری لاوازە، لەلایەک بە هۆی تەجروبەی چەند ساڵی دەسەڵاتداریتی ئیسلامیەکان لە ساڵی نەوەدەکاندا لە ناوچەی هەڵەبجە و خورماڵ

قبوڵ بکرێت لەلایەن خەڵکی ناڕازی بەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی. شکستی ئەم دواییانەی پرۆژەی پاراستنی پیرۆزیە ئاینییەکان لەپەرلەمانی کوردستان لەلایەن بەشێکی فراکسیۆنە ئیسلامیەکانەوە پشتیوانی دەکرێ، نمونەیەکی ئەو ڕاستیەیە کە لەکوردستان سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی بۆ ئاستی ئیخوانەکانی میسر و تونس لە ئێستادا پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە، و پایەی ئازادیخوازی و مۆدێرنیزم بەهێزترە، هەرچەندە باری سیاسی و حزبە دەسەڵاتدارەکان لەدواوەن، لەچاو ئەم ئاستە مەدەنی و فکریەی کۆمەڵگەدا. گەشەیەک کە یەکگرتوی ئیسلامی و ئیسلامیەکان کردیان بەشێکی بەرەنجامی شەڕی ناوخۆ و پشتیوانی ئێران و سعودیە بوو، بەشێکی تری ئەو دواکەوتویەی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بووە، کە هاوکات یارمەتی سیاسی و دارایی ئیسلامیەکانیان داوە.

***بۆچونێک هەیە کە پێیوایە سەرجەم هێزە ئیسلامیەکان کۆنزەرڤاتیڤن؟ ئەمە ڕێک بۆ ئیخوانەکان و ئیسلامیەکانی وڵاتانی بەهاری عەرەبیش هەمان شتە؟**

– تاوتانی ئیسلامیەکان بە کۆنزەرڤاتیزم سەرلێشیواندنێکە کە بە مەبەستی ڕازاندنەوەی ماهیەتی کۆنەپەرستی بەدیلێکە کە ئەم هێزانە کاری بۆدەکەن. ئەوان تەنیا خوازیاری پاراستنی ئەو شتانە نین کە ئێستا لە کۆمەڵگەدا باوە، ئەوە تەنیا محافزەکارمکان نین بەرامبەر بە گۆڕانی دۆخی ئێستا،بەڵکو ئەوان دەیانەوێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی بگەڕێننەوە بۆ چاخەکانی ناوەڕاست. سەیرکەن لەگەڵ هاتنی ئەم بەناو «کۆنەسەرڤاتیڤ»انەی ئیخوان یاسای فرەژنی و شەریعەتی ئیسلامی کە یاسای (١٤٠٠)ساڵ لەمەوپێشە کراوەتە یاسا و دەستور. لە زانکۆکانی قاهیرە مامۆستایەکی ژن ئەگەر حیجاب نەکات لەلایەن خوێندکارانی ئیخوانەوە ڕێگای وانە وتنەوەی لێدەگیرێ. لە تونس ویستیان یاسای پیرۆزیە ئاینییەکان بۆ دەم بەستنی خەڵک بسەپێنن و شکستیان هێنا.لەکوردستانیش دەیانەوێ دادگای پشکنینی بیروڕای کڵێسای سەدەکانی ناوەڕاستیش بسەپێنن.

*** سەعید هجرسیش دەڵێت «دیموکراسیەکان لەو هەڵبژاردنەدا دۆڕاندیان (مەبەست وڵاتانی بەهاری عەرەبییە)، بەڵام لەوانەیە دیموکراسیەت سەرکەوتووبێت، چونکە کەسانی نادیموکراسی، میکانیزمەکانی دیموکراسی پیادە دەکەن، یان ساتەکانی پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی میسر، دەرکەوت ئەم هێزە ئیسلامیانە (ئیخوان…) دیموکراسی قبوڵ ناکەن، چونکە دۆڕاندن قبوڵ ناکەن و ڕایانگەیاندبوو گەر مورسی بدۆڕێت ئەو هەڵبژاردنە قبوڵ ناکەین؟**

– بۆ وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەت کە باس لە سەرکەوتنی دیموکراسیە. ئەگەر ئەم هێزانە لەئێستادا لەگەڵ دیموکراسی پەرلەمانیدا لەهەندێ

ولاَت هەڵدەکەن نیشانەی ناچاری و هاوسەنگی هێزی ئیسلامیەکانە لەو وڵاتانەدا، ئەگینا ئیخوان و وەهابیەکان لەبنەمای سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی یەک دەنگن. ئێستا ئیخوانەکانی وەک غەنوشی لەتونس لەبەرئەوەی دیموکراسی پەرلەمانی ئەوانی گەیاندوە بەدەسەڵات، وێنەیەک لە دیموکراسی نیشان دەدەن ئەو «شورا»یەیە کە لەئیسلامدا هەیە، ئەگەر هاوسەنگی هێز ڕێگەیدا بەم هێزانە ئەوا پەرلەمانی میسر و تونس دەکەن بە پەرلەمانی ئێران. نمونەی پەرلەمانی تورکیا، نمونەی پەرلەمانی ئیسلامی و ئیخوانی نییە، بەڵکو ئەم دیموکراسی پەرلەمانییەی تورکیا ئەنجامی جیاکردنەوەی ڕەسمی دین و ئیسلامە لەدەسەڵاتە لەو وڵاتەدا کە دوای ڕوخانی دەوڵەتی ئیسلامی عوسمانی کراوە، هەربۆیە لەباری سیاسی و بەرنامەی کۆمەڵایەتی و ژیانی مەدەنییەوە هێزە ئیسلامیەکان وەزعی مەوجود و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرەودواوە دەگێڕنەوە و ئەم بەرتەسکردنەوەی ئازادیەکان و سەپاندنی شەریعەت و هێرشکردنە سەر مافەکانی ژنان و بوارەکانی مەدەنییەت و سکۆلاری ژیانی گشتی و مافەکانی تاک بەشێک لەو سەرخانە سیاسیە ڕاستڕەوانەیە، کە بۆ پاراستنی ژێرخانێکی ئابوری دەسەڵاتی سەرمایەداریە لەم وڵاتانەی جیهانی عەرەبی ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەلەسەر هەژاری و کەمی کرێ و نەبوونی بیمە کۆمەڵایەتیەکان و خزمەتگوزاریە گشتیەکان دامـــەزراوە. لەکاتێکدا سەرمایەداری وەک سیستمێکی ئابوری لەم وڵاتانەدا لە ئەزمە و پاشکەوتویەکی درێژماوەدا دەژی و قورسایی ئەم بازاڕە سەرمایەداریە دەبێ لەسەر حسابی ژیان و هێرشی زیاتر بۆسەر مافەکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش تەواو بێ. بەدیلی ئیسلامیەکان بۆ ڕاگرتنی سەرخانی سیاسی بەکەمترین ڕێگادان بەئازادی و ژێرخانی ئابوری لەسەر بنەمای هەمان هێزی کاری

نمونەی پەرلەمانی تورکیا، نمونەی پەرلەمانی ئیسلامی و ئیخوانی نییە، بەڵکو ئەم دیموکراسی پەرلەمانییەی تورکیا ئەنجامی جیاکردنەوەی ڕەسمی دین و ئیسلامە لەدەسەڵاتە لەو وڵاتەدا کە دوای ڕوخانی دەوڵەتی ئیسلامی عوسمانی کراوە

هەرزان و گرانی و هەژاری لەم وڵاتانەدا لەلایەن بورژوازی ناوخۆ و سەرمایەداری ڕۆژئـــاوا کە بـاڵادەستـی ئـابـوری لەم ناوچانەدا هەیە، جێگای سازش و تەنانەت ئومێد پێ بەستنە ،بەتایبەت لەکاتێکدا کە خەڵک دژ بەو گرانی و بێمافیەی نیزامی سەرمایە شۆڕشی کردوە. ئەمە ئەو فرسەت و پایە سیاسیەی داوە بە هێزە ئیسلامیەکان کە بێن و بەناوی دیموکراسی پەرلەمانی سواری شەپۆلی شـۆڕشـی خـەڵـک بـۆ ئـــازادی بین و بەرنامەی گێڕانەوەی کۆمەڵگە بۆ دواوە بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن، هەربۆیە ئەم هێزانە نە ناوی کۆنزەرڤاتیف دەتوانێ ناسنامەیان دەربخات و نەسەرکەوتنیان لەم هەڵبژاردنانەدا سەرکەوتنی خواستی ئازادی خەڵکە.

بـۆ وەڵامـــی بـەشـی دووەمـــی پرسیارەکەت، ڕاستە کە لای ئیسلامی سیاسی بـە ئـیـخـوان و سەلەفیەوە دیموکراسی تەنیا دەنگدانەکەی بۆ ئەوان گرنگە ئەگەر بیان گەیەنێتە دەسەڵات. لایەنگری ئەوان بۆ دیموکراسی بریتی نییە لە باوڕەبوون بەوەی کە بەدیلی ئـەوان حکومـەتـی هـەڵـبـژێـردراوی خەڵک بێ و دەسـەڵات وسێبەری خوا نەبێ لەسەر زەوی، بەو پێیەی ئەوان حکومەتی شەریعەتی ئیسلامیان دەوێ و لەدەستور و یاسادا شەریعەتی سەروو خەڵکی و ئاسمانی دەکـەن بە بنەما، بەڵام دیموکراسی بۆ ئیسلامی سیاسی هەڵبژاردەیەکی سیاسیە بۆگەیشتن بەدەسەڵات، هیچ لە ناوەڕۆک و پەیامی سەلەفیانەی ئیسلام بۆ مافە مەدەنی و ئازادیەکانی خەڵک ناگۆڕێ، هەرچۆن هاتنە سەرکاری نازیەکانی ئەڵمانیا و هیتلەر و فاشیەکانی ئیتالیا و مۆسۆلینی لەڕێگەی دیموکراسی پەرلەمانییەوە، نەیتوانی بەر بەو پەیامە دژە مرۆییە بێنێ، کە ئـەم دووهـێـزەی سیناریۆی ڕەشی بۆ دنیا هەبوو.

*** ئـەو دەنـگـانـەی مـورسـی لە خۆشەویستی نییە بۆ مورسی، ئەوەندەی نـارەزایـیـە لـە شەفیقی پاشماوەی موبارەک و ڕژێمی پێشووی میسر. ئەو دەنگانەش کە شەفیق بەدەستیهێناوە لـە خۆشەویستی بـۆ شەفیق نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی دینی و ئیخوانییە، کە مورسی نوێنەرایەتی دەکات؟ دەکرێت ئەم بۆچوونە ڕاست بێت لەکاتێکدا ململانێیەکان ئێستا لەسەر عەرشی دەسەڵاتن؟**

– ئەو ڕایە دروستە کە بەشێکی هەڵبژاردنی مورسی لەدژایەتی لەگەڵ ڕژێمی پێشوودایە و بەشێکی دەنگەکانی شەفیقیش لەدژایەتی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی و ئیخوانییە. ئەم دژایەتیانە لەم هەڵبژاردنەدا هەرچەند لەخزمەت بەدیلێکی تری ئازادیخوازانەدا نین، کە ئەمە کەموکوڕی شۆڕشی میسرە، بەڵام دەرخـەری ڕاستیەکن ئەویش ئەوەیە شۆڕشی میسر و تونس خەڵک بۆ ئازادی بەرپای کردوە نەک بۆ حکومەتی ئیسلامی یا گێڕانەوەی ڕژێمی پێشوو و دەسەڵاتی سوپا. خۆپیشاندانەکان وناڕەزاییەکان

بەرامبەر بە حکومەتی ئیسلامی مورسی و دەسەڵاتی سوپا بەردەوامە و درێژەپێدانی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیەی کرێکاران و چینە چەوساوەکانی میسر و ئازادیخوازان هێزێکە، کە پێویستی بە خستنەڕووی بەدیلی دەسەڵاتداریتی خۆیەتی، ئەمەش لەدەرەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەبێ ڕێک بخرێ و لەسەر شەقام و لەمانگرتن و لە کۆکردنەوەی هێز لە سەندیکا و حزبی سیاسیدا ناتوانێ درێژە بەشۆڕش بدا بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسیش و لەهەڵبژاردنەکانیشدا بەدیلی تر بەرامبەر بە مورسی و شەفیق بخانەڕوو.

***سادق جەلال عەزام بیرمەندی گەورەی عەرەب لەوەڵامی پرسیاری هەست بەوە ناکرێت ئیسلامیەکان مۆدێلێکی تر لە ستەمکاری سەدام و قەزافی و ئەسەدبن، یان ئایا مێژوو بە شێوەیەکی تراژیدیایانە لەسەر دەستی ئەم ئیسلامیانە دوبارە نابێتەوە و لەوەڵامدا دەڵێ ئەگەر هەموو دەرفەتەکانیان بۆ جێبهێڵدرێت بێ گومان مێژوو تراژیدیانە دوبارە دەبێتەوە؟ کەمانن ئەو ڕێگریانە بۆ دوبارە نەبونەوەی ستەمکاری و تراژیدیای مێژوویی لەسەر دەستی ئیسلامیەکان؟**

-لەگەڵ وتەکەی»سادق جەلال عەزام «دام کە ئەگەر دەرفەت بۆ ئیسلامیەکان بەجێبهێڵرێ، بێگومان مێژووی تراژیدی سەدەکانی ناوەڕاستی خەلافەت، یاخود واقعیەتی تراژیدی ئێران و سعودیەی ئەمڕۆ دوبارەدەکەنەوە. ئەوەی ڕێگە نادات ئەم ئیسلامیانە ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەرەی ئازادیخواز و سکۆلار و چەپی کۆمەڵگەیە. فشاری ئەو هێزانەی شۆڕشیان کردوە و ئەو بێداریەی سیاسیەی خەڵکی ستەملێکراو و چەوساوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانێ ڕێگە لە دیکتاتۆریەتی ئیسلامی بگرێ. ترسی قوڵبوونەوەی ئەم فشارە شۆڕشگێڕانەیە، لەکاتێکدا ئەزمەی سیاسی و ئابوری سەرمایەداری درێژەی هەیە توانای سیاسی و عەمەلی بۆرژوازی لەم وڵاتانەدا بەرتەسک کردوەتەوە لەوەی دەست بدەنە سەپاندنی سیاسەتی کوشتار و هێرشێکی هەمەلایەنە بۆ سەر ئازادیەکان و مافە مەدەنی و قەدەغەکردنی حزب و ڕێکخراوە کرێکاری و ئازادیخوازەکان و سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. ئەمانە بەرهەمی هاوسەنگیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە لەو کۆمەڵگایانەدا هەیە نەک بەرهەمی دیموکراسی بوونەوەی ئیسلامیەکان وەک هەندێ ڕۆشنبیر دڵخوازانە باسی دەکات. ئیسلام و دین بۆ ئیسلامیەکان ئایدیۆلۆژیایەکە کە خزمەت بە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری حزبە بۆرژوازیەکانیان دەکات، کە دەسەڵاتیان شەرعیەت پێبدا لە کۆمەڵگەدا و ئەوان ئێستا کە دەسەڵاتدارن یان بەشدارن لە دەسەڵاتدا خەریکی چاکسازیکردنی ئەو ڕیبازە ئیسلامیانەن کە خزمەت بە ئامانجی گەیشتنیان بەدەسەڵات بکات. قبوڵکردنی دیموکراسی و گوێ خەواندن لە خەلافەتی ئیسلامی لەئێستادا بەرئەنجامی ئەو سازشەیە کە ئەم هێزە ئیسلامیانە لەسەر قورئان و حەدیسە ئاسمانییەکانیان دەیکەن، تا خزمەت بە ئامانجە دنیایەکانی سیاسەت و دەسەڵاتیان بکات. ئێستا ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی و ئەم جۆرە لە دیموکراسی پەرلەمانی دەتوانێ ئەم هێزە ئیسلامیانە بەدەسەڵات بگەیەنێ، ئەوا دەبێ ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی ڕێگاکانی مانەوەی ئەم هێزە لە دەسەڵاتدا پاساو بدات و لەڕێگای سەپاندنی یاسا ئیسلامیەکان و پیادەکردنی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پایەکانی ئیسلامی سیاسی لەکۆمەڵگەدا بسەپێنن، هەربۆیە پاراستنی مەدەنییەت و سکۆلاریزم و ئازادی لە کۆمەڵگەدا، لە بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی ئیسلامیەکاندایە. ڕێگەگرتن لەستراتیژی سەپاندنی دەسەڵات و سیستمی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەدا یەکێک لە کێشمەکێشەکانی ئەمڕۆیە . هەر خۆشباوەڕیەک بەوەی بەشداری ئیسلامیەکان لە یاری دیموکراسی پەرلەمانیدا خەتەری پرۆژەی بە ئیسلامیکردنی دەسەڵات و کۆمەڵگەی کۆتایی پێ هێناوە، تەسلیمکردنی بەرەی ئازادیخوازی و ئومێدی گۆڕینی سیستمی میلیشیایی ئێستا بە ئایندەیەکی پڕلەمەترسی نەک ئایندەیەکی باشتر. ئیسلامی سیاسی لەژێر فشاری بەرەی ئازادیخوازیدا دەبێ، ناچار بکرێ دەست لەهەوڵەکانی دژی ئازادی و مافە مەدەنی و ئینسانییەکاندا هەڵگرێ.

*** ئایا دەکرێ کوردستان لە زمنی ئەو وڵاتانەدا سەیربکرێ کە دیموکراسی تێدایە، هەندێ لە بەرپرسان بە ئەوروپای دەچوێنن، لەکاتێکدا دیموکراسی لە کوردستان نە شێوەی ئەوروپایە و نە شێوەی وڵاتانی عەرەبیشە، کەواتە دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بکرێ، چۆن دەکرێت ببێت یەکێک لەم ئەزمونانە؟**

-دیموکراسی تایتڵێک و ناونیشانێکی مۆدە، کە هەر دەسەڵاتێ بەهەر شێوەیەک هەڵبژاردنێکی کرد و پەرلەمانێکی هەبوو، ئیتر بەخۆی دەڵێ دیموکراسی. وەک سۆسیالیزمی دەورانی شەڕی ساردا مۆدی بوو، کە هەر حکومەتێک و دەسەڵاتێک بازاڕی سەرمایەی لەڕێگای دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ بکردایە و تاکە حزبێک حاکم بوایە، خۆی بەسۆسیالیست و کۆمۆنیست لەقەڵەم دەدا.لەکاتێکدا سوشیالیزم و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی خۆی بەپێچەوانەوە لەسەر بنەمای کۆتایی هاتنی کۆیلایەتی کاری کرێگرتەیی بۆ سەرمایە دادەمەزرێ، نەک کۆنترۆڵی دەوڵەت بۆ بازاری سەرمایە، لەجێگای دیکتاتۆریەتی تاکە حزبی ئازادی و دەسەڵاتداریتی خەلکی کرێکارو چەوساوە زاڵ دەبێ . ئەمانە فریان بەسەر سوسیالیزم و کۆمۆنیزمی کرێکارەوە نەبوو .بەهەمان شێوە

دیموکراسی لیبراڵی ئەوروپا، ئەگەر لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەوڵەت لە دین و دەسەڵاتی کڵێسا و بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی قەزایی و تەنفیزی و تەشریعی لەیەکتری دەناسرێتەوە، ئەوا نمونەکانی دیموکراسی زۆربـەی ئەو وڵاتانەی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خۆیان بە دیموکراسی دادەنێن، نەک ئـازادی سیاسی و مافی مـرۆڤ تێایدا یاسا نییە، بەڵکو لەپاڵ هەڵبژاردن و پەرلەماندا کۆنترۆڵی سیاسی و سەربازی و ئابوری و داد و حکومەت و بودجە و هەموو بوارەکانی ژیانی فەرهەنگی و ئیداری بەدەست میلیشیا و سوپا و باندی مافیایی حزبەکان و ئۆرگانی دینی دەسەڵاتدارە. لەپاڵ دیموکراسی لیبراڵی پەرلەمانی ئەوروپادا دیموکراسی عەسکەری، میلیشیایی، ئیسلامی، قەومی، هتد هەیە. دەبێ بۆ پێناسەی دیموکراسی لە کوردستاندا بۆ ئەم جۆرەی دوەمیان بگەڕێن و بزانین بۆچی ئەم دەسەڵاتە ناوی دیموکراسی هەڵبژاردوە، لەکاتێکدا دین لە دەوڵەت جیانییە، دوو حزب خاوەنی سەدان هەزار چەکدارن، دادگاکان دەورێکیان نییە و سەربەخۆ نین لـەدەسـەڵاتـی مەکتەبی سیاسی حزبەکان، بودجە بەپێی ڕێکەوتنی دوو سەرکردە دابەشدەکرێ و چارەنوسی سیاسی کـوردسـتـان نـەک لەڕێگەی ڕفراندۆم، بەڵکو ڕیکەوتنی هەر حزبە لەگەڵ هێزێکی ناوچەییدا بڕیاری لەسەر دەدرێ، نەک وەک سکۆتلەند لەگەڵ ئینگلتەرە بەپێی ڕفراندۆمی خەڵکەکەی. هەربۆیە بـەڕای من ئەگەر لە بـازاڕی مۆدی جیهانی دیموکراسی بگەڕێین کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا وەک باڵادەستی بەدیلی دیموکراسی خۆیان ئامادەن مەدالیای دیموکراسی بـدەن لـە بـەرۆکـی هەر سیستمێکی نادیموکراتی و دیکتاتۆریش ئەگەر فۆرمی بەرنامەی «تەقەشوفی» ئابوری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF)پڕبکاتەوە،ئەوا پێویستە سیستمی سیاسی لـە کـوردسـتـان بـە سیستم و ئەزمونی حاکمیەتی حزبی ناوببەین، کە ئێستا لەبەشێکیدا دەیەوێ وەک سیستم و ئەزمونی دەسەڵاتی حزبی بنەماڵەییش جێی بخات. دەستوری پێشنیارکراوی هەرێم و سیستمە سەرۆکایەتیەکەی، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و دەسەڵاتە ئەمنییەکەی، چۆنییەتی بەڕێوەبردنی حـکـومـەت و کـۆنـتـرۆڵـی بـودجـە و نەوتەکەی، دەسەڵاتێکی یاسایی و ئەمنی و ئابوری و ئیداری لەدەستی بنەماڵەیەکدا کۆکردوەتەوە کە نمونەی ئیمارەتی شێخ نشینی خلیجە نەک سیستمی دیموکراسی ئـەوروپـا. ئـەم سیستمەی کوردستان پێویستی بە گۆڕانی ڕیشەیی هەیە تا ببێتە سیستمێکی سیاسی مۆدێرن و کە جەماوەر و حزبەکان بتوانن بەشداری ڕاستەقینە لەژیانی سیاسی و بڕیاری سیاسیدا بکەن.

هەڵوەشاندنەوەی هێزی میلیشیایی حزبەدەسەڵاتدارەکان و جیاکردنەوەی دین لەدەسەڵات و دابینکردنی یاسایی ئازادیەکان ویەکسانی ژن و پیاو، ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ هاووڵاتیان و کۆتاییهێنان بە پاوانی دەسەڵات و بودجە و هەڵبژاردن و دادگـا لەلایەن حزبی چـەکـدارەوە، لانی کەمی ئەو گۆڕانە ڕیشەییانەن کە سیستمی دەسەڵاتدارێتی لەکوردستاندا پێویستیەتی بۆئەوەی لە قاڵبی سیستمی میلیشیایی حزبیدا نەمێنێتەوە. ئەمانە نـاوەڕۆکـی گۆڕانکاریەک پێکدێنن کە ئەمڕۆ لە کوردستان خەڵکی نـاڕازی و بەش خـوراو و هـەژار خوازیاریەتی و نمونەی ئـەم حەرەکەتەمان لە (١٧) شوباتدا بینی . ئەمە پەیامێک بوو کە خەڵکی کوردستان لەخەڵکی شۆڕشگێڕی ناوچەکە کە بۆ ئازادی و گۆڕینی سیستمە عەسکەری و بنەماڵەیی و دیکتاتۆریەکان هاتونەتە مەیدان وەریانگرتووە و ئەم شەپۆلی بێداری ئازادیە کوردستانیشی گرتوەتەوە.

***دەکرێت هێزە ئیسلامگەراکان وەکو پۆپۆلیست ناوبەرین چ لە ناوچەکە و چ لە کوردستان؟ وەکو چۆن هەندێک لە چەپەکان بە ریڤیزیۆنیزم ناو دەبرێن؟واتا خۆگونجاندن لەگەڵ هەموو شت لە پێناو چەند مەبەست و مەرام و دەستکەوتێک؟ وبێ رۆڵی هێزە چەپەکان لەم ئاڵوگۆڕانە، مانای لادان و پشتکردن نییە لە چەمک و فەلسەفەی مارکسیزم؟ یان بەواقیعی و لەگۆڕەپانەکەدا لەتونسەوە تا دەگات بە کوردستان، کە هەست بە پاشەکشەی جەرەیانی چەپ و رادیکاڵ و مارکیستی دەکرێت لەبەرامبەر ئیسلامیەکاندا، تۆ وەکو یەکێک لە بەرپرسانی ئەم رەوتە، تا چەند شکستەکان دەخەنە ئەستۆی خۆتان و دەتانەوێ خۆتان رێکبخەنەوە؟**

– ئەوەی لەکوردستان و لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا شەپۆلی بزوتنەوەیەکی جـەمـاوەری بـەرفـراوان و شۆڕشێکە بـۆ گۆڕینی بـاری سیاسی و بەدیهێنانی ئـازادی. ئـیـسـلامـگـەراکـان و کۆمۆنیستەکان هـەریـەکـەیـان بـە بـەبـەرژەوەنـدی و سیاسەتی جـیـاوازەوە بـەشـداری لەم بزوتنەوە جەماوەریەدا دەکەن. سەرجەم ئـەو هێزە سیاسیانەی بـەشـدارن لەم حەرەکەتەدا بەناوی خەڵک و بەرژەوەندی ئـەو جـەمـاوەرەوە قسەدەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئامانج و سیاسەتی چینایەتی و حزبی دیاریکراو نوینەرایەتی دەکەن. ئیسلامیەکان نوینەرایەتی باڵێکی بورژوازی دەکەن، کە دەیەوێ بەپێی بەرنامەیەکی سیاسی و ئابوری بۆ کۆتاییهێنان بەم شۆڕش و ناڕەزایەتیانە و سازدانەوەی دەسـەڵات و بـازاڕ بەپێی شەریعەت و پاراستنی بنەماکانی سیستمی سەرمایەداری کە خۆی لەکاری هـەرزان و بێ مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە . هەربۆیە دەبینین ئیسلامگەراکان لەم گۆڕانکاری و دەسەڵات پەیداکردنەدا بە شوێن هێرش بۆسەر ئازادی ڕادەربڕین و مافەکانی ژنان و درێژەدان بە هەمان پیوەرەکانی سیستمی سندوقی دراوی

نێودەوڵەتی و سیاسەتە ئابوریەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی پێش خۆیان دەدەن و لەم بارەوە پشتیوانی ئەمریکا و ڕۆژئاواشیان هەیە.

سەبارەت بەدەوری چەپ و کۆمۆنیستەکان لەم ئاڵوگۆڕانەدا ڕیفیژینزمێک لەئارادا نییە. ئێمە بەشداری لە بزوتنەوە و شۆڕشیکی خەڵکی کرێکارو ستەملێکراودا دەکەین، کە بۆ ئازادی هاتۆتە مەیدان و دەیەوی سیستمی سیاسی دیکتاتۆری و میلیشیایی و بنەماڵەیی بگۆڕێ و ئازادی سیاسی و سیستمێکی سیاسی ئازادانەتر بهێنێتە ئارا، هەربۆیە چۆن دژ بەدەسەلاتی دیکتاتۆری و میلیشیایین، ئاواش دژ بەو هێزە دژە شۆڕشانەی ئیسلامیەکانیشین کە دەیانەوێ ئەم بزوتنەوە و شۆڕشانە کۆتایی پێبێنن و جاریکی تر دەسەلاتی دیکتاتۆری دینی و سیستم و دەستور و یاسای ئیسلامی بسەپێنن. پاراستنی ئەم دەسەلاتە میلیشیایی و دیکتاتۆریانە لەهیچ شوێنێکی مارکسیزمدا جێگای نییە تا ئێستا ئێمە لێمان لادابێ و بەڕیفیژینزم ناو ببرێین. مارکسیزم هەمیشە خوازیاری گۆڕانکاری ڕیشەیی لەسیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرمایەداریدا بووە و هەمیشە بەشی جیانەکراوەی بزوتنەوەی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز بووە بۆ بەدیهێنانی ئازادی و ژیانێکی باشتر. ئەگەر مەبەست ومەرام و دەستکەوتێکمان هەبوبێ لەبەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکانی (١٧)شوباتدا ئەوا مەبەستی ڕادیکاڵ کردنەوەی دەنگی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی جەماوەری ناڕازی کوردستان بووە و ئەم مەرامەشمان بەئاشکرا لە بەیانی «ماف و داخوازیە هەنوکەیی و بنەڕەتیەکانی ئەنجومەنی ئازادی» دا ڕاگەیاندوە و دەستکەوتەکانیشمان ئەو بیمەی بێکاری و دامەزراندن و خزمەتگوزاری نیوەناچڵەیە کەدەسەلاٹ لەژێر فشاری ناڕەزایەتیەکاندا بریاری لەسەر داوە و بەرزتربوونەوەی دەنگ و ئیرادەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانە لە ناڕەزایەتی بەرامبەر بە پێشێلکاری ئازادیەکان و دابیننەکردنی پێویستیەکانی ژیان و ئاستی گوزەران. دەستکەوتی تایبەتی حزبیشمان دانی مۆڵەتی حزبە کە (١٨)ساڵی خایاند. ئێمە ناڕازین لەوەی کە نەمان توانیوە ئەم بزوتنەوە جەماوەری و ئازادیخوازیە، بەرەو سەرکەوتن بەرین و کاری جدی دەکەین بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەگەورە سیاسی و ڕێکخراوەییەی کە لاوازی دەوری کۆمۆنیستەکان و مارکسیزم لەم گۆڕانکاریانەدا دروستیکردوە. کاری ئێستای ئێمە بۆ ڕیکخستنی ئەم بزوتنەوە چینایەتی و ئازادیخوازانەیە کە ناڕازیە بە دەسەلاتی ئێستا و خوازیاری ژیانێکی باشتر و گۆڕینی سیستمی ئێستا بۆ سیستمێک کە ئازادی و یەکسانی بۆ خەڵکی کوردستان بەدیبێنی. ئەم خواست و ئیرادەیە لە نێو خەڵکی ستەملێکراو و ئازادیخوازی کوردستاندا زیندوە و کاری ئێمەیە بیکەینە هێزێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی جەماوەری کە بتوانێ بەدیل بێ بەرامبەر بەدەسەلاٹ و ڕێگا لەبەردەم زاڵبوونی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی بەسەر شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکدا بگرێ. ئەم ئەرکە لە مارکسیزم دەخوازێ، کە دەوری ڕینسانسی فکری لە کوردستاندا بگێڕێ و چەمکەکانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و دەسەلاٹ و دەستور ویاسای مەدەنی و مافە فەردی و ئینسانییەکان تا دەگاٹ بە شۆڕش و ناڕەزایەتی لەڕوانگەی ئازادیخوازانە و ئینساندۆستانەوە بکاٹ بە مۆد و باڵادەست لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا و فشار و هێرشەکانی سەلەفیەٹ و ستەمگەری فکری دەسەلاتدار شکست پێبێنێ.

**پرۆفایل:**

-ساڵی ١٩٨١ بەمارکسیزم ئاشنابووە.

-ساڵی ١٩٨٢ چووەتە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

-ساڵی١٩٨٤ پەیوەندیی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی ئێران پەیداکرد.

-ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ گروپی کرێکارانی کۆمۆنیست کاری کرد و چەند ژمارەیەک لە بڵاوکراوەی کرێکارانی کۆمۆنیستیان دەرکرد و چەند مانگرتن و نارەزایەتیی لە دائیرە کارگەکانی سلێمانیدا ریکخست.

-کۆلیژی ئەندازیاری میکانیکی لە١٩٩٠ لەبەغداد تەواوکرد.

-ساڵی١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕینی کردو لە ریکخەرانی بزوتنەوەی شورایی بووە.

-ساڵی ١٩٩١ هەستی کریکارانی سوسیالیست و لە ١٩٩٢ سەرنجی کرێکاریان دروست کرد.

-ساڵی١٩٩٣ لە دامەزرێنەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بووە و تیایدا بەرپرسی کاری جەماوەری و سەرنوسەری بۆپێشەوە و بەرپرسی رادیۆی حزب بووە.

-ساڵی١٩٩٩ گۆڤاری رفراندۆمیدەرکرد لەلەندەن و کەمپینی رفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی کوردستانی دروستکرد کە چەند کۆنفرانسی لە لەندەن و کوردستان گرت .

-ساڵی ٢٠٠٨ لە دامەزرێنەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بووە و بەرپرسی تەلەفزیۆنی سەنای کوردیش بووە.

-ساڵی ٢٠٠٧ تۆڕی دوعا بۆ بەرگرتن بە کوشتنی ژنانی پێکهێنا و کۆنفرانسی دوعا لەگەڵ ڕیکخراوە و چالاکوانەکانی بواری ژنان سازکرد.

-لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوباتدا ئەندامی» ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی»بووە.

-ساڵی ٢٠١١ یەکێک لەگەڵ گۆنا سعید کەمپینی بەرگرتن بەسنوردارکردنی ئازادی ڕادەربڕینیان ڕاگەیاند کە لە ٢٠١٢ توانی پرۆژە یاسای پاراستنی پیرۆزیە ئاینیەکان لەپەرلەمانی کوردستان پەک بخات.